# شێوەکاریی شۆڕش
# ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن جۆن ترەمبڵ
## پاوڵ ستایتی (١٤ی گەلاڕێزانی* ٢٠١٦)

**لە ئینگلیزییەوە: ئەمیرە مامەر نەبی**

لە ٦ی پووشپەڕی ساڵی ٢٠٠٤دا، دارەمەیتی جەستەی ڕۆناڵد ڕێگان، کە بنەماکانی کۆنگرێسی ئەمریکیی هەڵگرتبوو وەک «جەنگی ئایینیی کۆماریی»، لەژێر گۆمەزە گەورەکەی بالاخانەکەدا، سەربازانی کەژاوەکە سندوقەکەیان خستە سەر چوارچێوەی تەرمی ئابراهام لینکۆلن، تەرمەکە درێژکرابوو بەرانبەر بە داستانە شێوەکارییەکانی شۆڕشی ئەمریکیی جۆن ترەمبڵ، کە بە دیوارەکانی بالاخانەکەوە هەڵواسرابوو.
هێما و ئاماژەکانی شێوەکارییەکان زۆر بوون، چوار لە شێوەکارییەکانی ترەمبڵ لە بالاخانەکەدا -»ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی»، «خۆبەدەستەوەدانی فەرماندە بۆرجوین لە ساراتۆگا»، «خۆبەدەستەوەدانی فەرماندە کۆرنوالین لە شاری یۆرک» و «وازهێنانی فەرماندە جیۆرج واشنتن لە نوێنەرایەتیەکەی»- بۆ ماوەی دوو سەتەیە، وەک گەواهییەکەی، بێدەنگیی زۆربەی مەڕاسیمەکانی دەوڵەتە لە مانگی گەلاوێژ دا، هەروەها بووە بە گەواهییەکی باوباپیران بۆ خەڵک و یاسا ڕەسەنەکانی ئەمریکا.
ئەو شێوەکارانە لە ئەنجامی شۆڕشدا کێشراون، نزیکەی سێسەت ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە نێو ژیانی خەڵک و دەرەنجامی ئەو گفتوگۆیانەن، کە لەنێوان خودی هونەرمەند، لەگەڵ جۆن ئادام، تۆماس جێفریسۆن، جەیمس مادیسۆن و جەیمس مۆنرۆ دا کراون.
هونەرمەند و سیاسەتمەدارەکان هەردووکیان دەرکیان بەوە کرد، کە پێکهێنانی نەتەوەیەکی نوێ پێویستە بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش -تەنانەت ئەفسانەکانی نەتەوەش- بۆ

زەمەن و نەوەکانی داهاتوو. ئەمڕۆ، ئەکتەرە سیاسییەکان لەوانەیە شەرعییەت بەدەستبێنن بە هۆی کۆنترۆڵکردنی میدیا. بە پێچەوانەوە، بنەماکانی کۆماری ئەمەریکا لەنێو بیری گشتییدا ڕەگی خۆی داکوتاوە بەهۆی شێوەکارە مۆنۆمێنتییەکانەوە.
ترەمبڵ، یەکێکە لە پێنج هونەرمەندە گەورەکانی ئەمریکا لە کۆتاییەکانی سەتەی هەژدەدا، -ئەوانی تر چارلس ویلین پیل، جۆن سینگلتۆن، کۆپلی و بێنجامین وێست گیلبێرت ستوارت بوون- کە وێنایەکی ئارامیان لەسەر شۆڕش و دەرەنجامەکانی داهێنابوو. وێنە سەرسووڕهێنەرەکانی، کە دروستیان کردبوو- جەنگەکانی بانکەر هیل، کیوبیک، ساراتۆگار، یۆرکتاون، پرینسیتۆن و ترینتۆن؛ ئەو ئاشتییەی، کە لە پاریس شکێندرا و وێنە نەمرەکانی واشنتۆن، ئادامس، جێفریسۆن و فرانکلین... تاد- ناوچەکەیان ڕووناک کردبووەوە.
شێوەکاریەکەی ستوارت لەسەر واشنتۆن، نموونەی خۆڕاگریی و گەیشتنە بە ئامانج. زیاتر لەهەر وێنەیەکی مێژوویی، زۆرترین جار دووبارە بەرهەمهێنراوەتەوە، بێجگە لەو چەند سەت شێوەکاریەی، کە بە خۆی کێشاونی و ئەو هەزارەها کۆپیی و چاپانەی، کە لەبەری گیراونەتەوە. ستوارت بەرە بەرە کولتوری ئەمریکای دەگواستەوە سەر شێوەکارییەکانی، شێوەکاریەکانی لە یەک دۆلارەوە بەرز بوونەوە بۆ دە ترلیۆن دۆلار لە ساڵی ١٨٦٩ دا. وێنەیەکی قەبارە گەورە و درێژ چووە ناو کۆشکی سپی لە ساڵی ١٨٠٠ دا. هەر سەرۆکێکی دوای دەسەڵاتی جۆن ئادامس پێویست بوو تێڕوانینی خۆیان بەرانبەر بە هەر نیگایەکی تووڕەکاریی شێوەکارییەکە دەرببڕن.
هەر چوار هونەرمەندەکە، دەستیان کرد بە کارەکەیان وەک لایەنگرانی بەریتانیا، بەڵام دەستپێکردنی شۆڕش لە ساڵی ١٧٧٥ دا ئەوانی وەستاند بۆ ئەوەی بزانن، کە ئایا هونەرە بۆماوەییەکەیان دەڕوات بۆ داهاتوو، یاخود لە کۆماری نوێدا لە نێوان خەڵکدا دابەش دەکرێت. هەروەک نەوەی پێشوو، کە ڕووبەڕووی گۆڕانی مێژووی هەناسەبڕ بوونەتەوە و داوایان دەکرد، کە شێوەکارییەکانیان

بۆ خەڵک بکێشن، تەنیا بۆ کاتەکەیان و نەوەی ئایندە، وەک هەموو خەڵکی تر، هونەرمەندەکان دەبوایە ڕووبەڕووی هەڕەشە ببنەوە لەسەر میراتە کۆنەکراوەکەیان بە هۆی ئەو ڕووداوانەی، کە لەدەوریان تەگەرەیان بۆ دروست دەکرد. ئەوان هەوڵیاندا شتێکی مانادار دروست بکەن بەبەکارهێنانی فلچە و کانڤاس**. کارە هونەرییەکانیان بووە ئامرازی گێڕانەوەی چیرۆکی شۆڕشی خۆیان و دانیشتوانەکەیان بۆ نەتەوەیەکی نوێ.

لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەخێرایی گەشەی کرد، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان، لەسەرەتادا نەتەوەیەکی ناتەواو و ناجێگیر بوو، بەڵام هێشتا پێویستی بە شێوەکاری نوێ، نەریت و ئەفسانە هەبوو، بۆ ئەوەی، کە نەک تەنیا شوێنی بەریتانییە کۆنەکان بگرنەوە، بەڵکو خەڵکی جیاواز بێنن، کە وەک نەتەوەیەک بژین. بۆ زۆربەی ئەمریکییەکان، چەمکی ئەرک و مافی نیشتیمانیی لە کۆنەوە جێگەی مشتومڕ بوو، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی ناسنامە ناوخۆیییەکان، بەو شێوەیەی، کە پێناسەی خۆیان دەکرد بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەر دەوڵەتێکی نوێ، تا ڕادەیەک بۆ خۆی نەتەوەیەک بوو.

لە کاتێکدا، کە ئەمریکییەکان دەرکیان بە گرینگی سەربەخۆیی لە بەریتانیا دەکرد، بەڵام زاڵبوونی چەندیەتی خۆیان بە پێویست نەدەزانی و ئامادەبوون بەرگەی دەرەنجامە نەرێنییەکانی نەتەوە خوازراوە نوێیەکەیان بگرن. جۆن ئادامس بارودۆخەکەی بە وردی ڕوون کردەوە:

«داگیرکارەکان لەژێر دەستوورێکی جیاوازی دەوڵەتدا گەشەیان کردووە، جیاوازییەکی زۆری ئایینیی هەیە و لەزۆر نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، دابونەریتەکانیان و شێوازی مەڕاسیمەکانیان زۆرکەم لە ئێمە دەچن. مامەڵەکردن لەگەڵیان زۆر سەختە، زانیارییان لەسەر یەکتر زۆر ناتەواوە، بۆیە یەکگرتنیان بە هەمان بنەماکانی تیۆرەکە و هەمان سیستێمی کارکردن، بەڕاستی پێکهێنانێکی سەختە.»

هەروەها گوتی:

«هێنانی سێزدە کاتژمێر، کە پێکەوە لەیەککاتدا لێبدەن، دەبێتە

دەستکەوتێکی کاریگەر، کە هیچ هونەرمەندێک نەیتوانیبێت پێشتر بە دەستی بێنێت.»
بە دڵنیاییەوە، یارمەتی دان لە یەکگرتنەوەی کولتور و هەرێمی ئەمریکییەکان، مافێکی هاوبەش و یاسایەکی ڕێگەپێدراوە، کە لە دەستوور و وتارە فەلسەفییەکاندا باس کراوە، کە لە بابەتی حکومەتی کۆماریی ئاماژە پێدراوە. ئەوەی، کە بەتەواویی بە یەکەوە بمانبەستێتەوە، وەک نەتەوەیەک تەنیا بریتی نییە لە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی هەفتەیی، ئەمریکییەکان زیاتر لە وشەیان دەویست، لەو بارودۆخە ترسناک و نیگەرانەدا، وێنە قایلکارەکان -لە وێنەی ڕووداوە مێژووییەکان، پاڵەوانە نەناسراوەکان و شەهیدە سەربەرزەکان- دەکرا ببنە کۆسپی سەرەکیی لە دروستکردنی نەتەوە، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی ئاسایی ئەمریکایان پێشان دابوو. ژیانی ئەو پێنج هونەرمەندە شێوەکارە، وەک شێوەکارییەکانیان، ئاوێزانی ڕەنگ ببوو. چارلس ویلسن پیل، ئەو کەسەی، کە ژیانی خۆی وەک ناڵ دروستکاری سنووری داگیرکراوی ماریلاند دەستپێکرد، بە کارامەیی خۆی تفەنگ و چەکی لە ماوەی جەنگدا بەکارهێنا. دوای شۆڕش، زیاتر لە سەتەها نیگاری گرینگی ئەو کاتەی کێشا و لە کۆتاییدا هەمووی لە گەلەرییەکی (١٠٠ – ٢٠٠) پێدا لە هۆڵی سەربەخۆدا هەڵگرت.
بێنجامین وێست، کە لە خێزانێکی فێڵبازی پەنسلڤانی لەدایک بووە، لە ساڵی ١٧٦٠دا هاتووەتە بەریتانیا، لەوێ بووە بە دیارترین شێوەکاری مێژوویی لە سەردەمی پاشا جیۆرجی سێیەم. وێست، کە لە دڵەوە نیشتیمانپەروەرێکی ئەمریکی بوو، پێویست بوو بە وریاییی گەشتێک بە ناو سەردەمی شەڕدا بکات لە بەریتانیادا، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەکر،د کە هەست و سۆزی خۆی لە ڕێگەی وشە و وێنەوە دەرببڕێت.
جۆن سینگلتۆن کوپلی، مەزنترین شێوەکارە لە سەردەمی داگیرکارییدا، زۆر ئارەزووی بێلایەنیی سیاسیی هەبوو، هەر بۆیە «بۆستن»ی بەجێهێشت بۆ لەندەن لە ساڵی ١٧٧٤دا، یەکەم شێوەکاریی سەرنجڕاکێشی هێنایە ناو جیهانی هونەری بەریتانیا. وی،

یاسا چەسپاوەکەی خۆی خستە سەر وێنە، بۆ ئەوەی لە سیاسەت بە دووربن کاتێک، کە وێنەی سێ نیشتیمانپەروەرە ئەمریکییەکەی دەکێشا، لە ناویاندا شێوەکاریی سەرسوورهێنەرییەکەی جۆن ئادامس بوو.
جۆن ترەمبڵ، کوڕی پارێزگاری داگیرکار لە هەرێمە داگیرکراوەکانی بەریتانیا (کۆنێکتیکەت)، وەک یاریدەدەری فەرماندەی واشنتۆن لە کەمپەکانی جەنگ خزمەتی دەکرد. دواتر، زۆربەی ڕووداوە ناخهەژێنەکانی جەنگی وێنەکێشا و کاتێک، کە لەگەڵ تۆماس جێفریسۆن لە پاریس دەژیا، دەستی کرد بە کارکردن لەسەر ئامێرێکی گەورەی میوزیک و نیگاری دەکێشا بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.
گیلبرێت ستوارت، لە خێزانێکی هەژاری دوورگەی ڕۆد لەدایک بووە، لە هەموویان بەهرەمەندتر بووە، هەروەها کەسێک بوو هەمیشە ئامادەبوو لە کارەساتە داوێنپیسەکان لە دادگە، ستوارت وێنەی هەموو ئەوانەی کێشابوو، کە هێز و دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و ئەوانەی، کە داوای دەسەڵاتیان دەکرد. ئەو پیاوەی، کە هەرگیز لایەنگری خۆی بۆ دەسەڵات دەرنەبڕیووە، بەرپرسیارە لە زۆربەی شێوەکارە کۆن و بەرگەگرتووەکانی واشنتۆن.
ئەو هونەرمەندە شێوەکارکێشانە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان وێنا کردبوو -لایەنی کەم، کە چۆن بیری لێبکرێتەوە- ژیانی بینراویان بە ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان وێنە دەکێشا. بە درێژایی چەندەها سەتە شێوەکارییەکانیان بوون بە دیمەنێکی بەرچاو بۆمان. هاوهێزەکانی ئەمریکا، کە «ئێلیاد» و «ئێینید» بوون، بوون بە گرینگترین پاڵەوانی یۆنان و ڕۆمانەکان. ئەوانە سپاردەیەکی هێز و دەسەڵاتیانە، کە ئێمە ئەو شێوەکارانە وەک بەڵگەیەکی سیاسیی دەبینین، کەمتر لەوەی، کە وەک بەشێکی سروشتی دەگمەنی نەتەوەکەمان.
کاتێک، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتە قۆناغی شڵەژانی هەڵبژاردنی سەرۆک -ساڵی ٥٨ـەمین لە ٢٤٠ـەمین ساڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا- ئەو شێوەکارە پتەوانە بە بیر ئەمریکییەکانیان

دەهێنایـەوە، کـە نەتەوەکەیـان لـە کوێـوە هاتـووە، گرینگتریـن و بـە بەهاترین شت لەلایـەن ڕابـەر و دانیشـتوانەکەی چییـە. بەبێ ئەوانـە، هەسـتمان بـەو یەکگرتنـە نەدەکـرد، کـە لـە ڕابـردوودا لەگـەڵ خۆمـان هێناومانـە و چـۆن هـەژموونـی بەهێـزی خۆمـان ئامـادە بکەیـن بـۆ داهاتـوو.

**پەراوێزەکان:**

* بەپێـی پێشـنیازی «موحسـین ئەحمـەد عومـەر» لـەم وەرگێڕانـەدا، مانگـە کوردییـەکان بـۆ سـاڵنامەی زاییینـی بـەکار هێنـراون.

** کانڤاس: پارچە کوتاڵێکە وێنەی لەسەر دەکێشرێت.

**سەرچاوە:**

/staiti/١٤/١٠/٢٠١٦/ideas/com.bostonglobe.www//:https
html.story/X٢qR٧QQcbHwgBtTJy٦crwM